**عەبدوڵڵا سەمەدی**

# ئاناباسیس

## یا

## گەڕانەوەی دە هەزار یۆنانی[**]

نێوەرۆکی ئەم باسە، بریتییە لە گەڕانەوەی دەهەزار سەربازی یۆنانی، بە سەرکردایەتیی **گەزەنفۆن**، یا بە ڕاوێژی باشوور، **زەینەفۆن**، لە بابلەوە بۆ مەوتەنی خۆیان، یۆنان. بەڵام بەر لەوەی بزانین کوردستان لەم بەینەدا، چ دەورێکی بینیوە، باشترە کە بە کورتی و سەرپێیی، چاوێك بە سەرجەمی ڕووداوەکەدا بخشێنین، و تەنیا ئەودەمە بکەوینە شوێن ئەم لەشکرە دەهەزار کەسییە، کە پێدەنێنە شاخ و کێوەکانی کوردستان، و ئەم شوێن کەوتنە پێبەپێ درێژە دەدەین، تاکوو کەوشەنی کوردستان دەبڕن و دەچن دە خاکی ئەرمەنستانەوە. ئێمەش لە سنووری ئەرمەنستانڕا دەگەڕێینەوە.

لە خێڵی مێژوو نووسانی یۆنانی لە مەر سەردەمی هەخامەنشییەکانەوە، سێ کەسیان لەوانی دی بە ناوبانگترن و نووسراوەکانیان بە کەڵکترە؛ ئەمانەش **هێرۆدۆت**[1] و **کتزیاس**[2] و **گەزەنفۆن**[3] ن. ئەم سێ مێژوونووسە، لە گەڵ هەخامەنشییەکان[4] هاوچەرخ بوون و لە نزیکەوە شارەزاییەکی تەواویان لە چلۆنایەتیی ژیان و هەڵسووکەوتیانەوە هەبووە و کتێبیان لە سەر نووسیون. لەو بەینەدا، گەزەنفۆن لەوانی دی بەختەوەرتر بووە و هەرچی نووسیویەتی، ئەمڕۆ بە بێکەموکووڕی بە دەستەوەیە. لە کتێبەکانی گەزەنفۆن، ئەوەی لە بابەت مێژووەوە دوابێ و ناوی مێژووی لە سەر بێ، چوارن؛ کە هەر چوار بۆ ساغکردنەوەی مێژووی یۆنان و ئێران، زۆر بەکەڵکن: **هلنیکا**[5]، **ئاگەسیلائووس**[6]، **سایروپیدیا**[7] و **ئاناباسیس**[8]. وتاری حازری، لە کتێبی چوارەم، واتە ئاناباسیس هەڵبژێردراوە. ئەم کتێبە، کە بە بڕوای مێژووناسان، گرینگترین کتێبی گەزەنفۆن، باسی لەشکرکێشیی کورووش[9] بۆ سەر برای خۆی، ئەردەشیری دووەم و، شکان و کوژرانی کورووش لە نزیکی بابل و، لە ئاکامدا ئاوارە و بێدەسەلات مانەوەی دەهەزار سەربازی یۆنانی کە لە سوپای کورووشدا بوون و، گەڕانەوەی ئەوان بەرەو یۆنان، دەکا.

**ئاناباسیس** لە زمانی یۆنانیدا، بە مانای " **سەرکەوتن** "ە، و مەبەست لەم سەرکەوتنە، گەڕانەوە لە دەریایە بەرەو وشکانی. هەر وەکوو لە وشکانیڕا بۆ دەریا چوونیش، دەبێتە **کاتاباسیس**، کە بە مانای داکەوتنە، کەچی ئەم کتێبە لە ناو ئەورووپییەکاندا، بە **گەڕانەوەی دەهەزار یۆنانی** ناوبانگی دەرکردووە.

لە سەر تەختی پادشایەتیی ئێران، کە بە میرات بەجێمابوو، گێرەوکێشە دەکەوێتە نێوان دوو بنەماڵەی ئێرانی. لەم بەینەدا، براگچکە هەڵدەکوتێتە سەر براگەورە و لەشکرێکی دەکا، کە سێزدە هەزار کەسی ئەو لەشکرە، بەکرێگیراوی یۆنانی دەبن. لەشکر لە گردوپەڕی ئاسیای بچووکەوە بەرەو ئێران وەڕێ دەکەوێ و لە نزیکەی بابل ئاگری شەڕ هەڵدایسێ. لە هەوەڵ لێکداندا کورووش وەبەردێ و لەشکرەکەی دەشکێ. سەرکردە یۆنانییەکان، یەك یەك بە دەهۆی دوژمن بەردەست دەکرێن و دەکوژرێن. یۆنانییە بێسەرکردەکان، وەك لەشی بێسەریان لێدێ و دەکەونە بارێکی ئەستەم، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە لەم وەختە ناسکەشدا خۆ نادۆڕێنن و بە هاودڵی و هاوزمانی، بۆ نەجاتی خۆیان و گەیشتن بە ئامانج، سەر لە نوێ سەرکردەی تر هەڵدەبژێرن و بە ورەیەکی پتەو بەرەو زێد و نیشتمانی خۆیان وەڕێدەکەون و پیوی هەموو سەختی و دژوارییەك لە خۆ هەڵدەسوون.

لەم زڤرینەدا، ڕێگەیەکی تر هەڵدەبژێرن و بە شوێنی هاتنەکەیاندا ناگەڕێنەوە. لەشکر لە ئەوپەڕی ڕێکوپێکیدا ڕێگە دەبڕێ و بەرەوپێش دەچێ و لەم بەرەوپێشچوونەدا، دەبڕێ و دەکوژێ و تالان دەکا و دەسووتێنێ. بەڵام کە دەگەنە کوردستان، دەڵێی ئەو لەشکرەی پێشوو نین! بە زمانی لووس لەگەڵ خەڵك دەدوێن و چاویان لە ماڵی کەس نییە. تەنیا هەوڵی ئەوە دەدەن، سەری خۆ دەرکەن و بە سلامەت دەرباز بن و خۆ بگەیەننە خاکی ئەرمەنستان. کەچی ئەوە کوردەکانن کە پەلپی شەڕیان پێدەگرن و وەکی سێبەر لێیان جوێ نابنەوە و تەنانەت لە تاریکیشدا بەجێیان ناهێڵن.




نەخشەی هاتنی یۆنانییەکان و گەڕانەوەیان بۆ وڵاتی خۆ، لە کتێبی ( گزنفون )، ل٨٨-٨٩

هەر چۆنێك بێ، چیاکانی کوردستان دەبڕن و لەم خانەش ڕزگاریان دەبێ. سەیر ئەوەیە، کە دەگەنە لێواری دەریا و لە زێدی خۆ نزیك دەبنەوە، ئیدی گەورە و چکۆلەیی‌یان نامێنێ و ڕیزە پتەوەکانیان قەڵشی تێدەکەوێ. هەندێك پەلەیانە زوو بگەنەوە ماڵ؛ هەندێکی دی کە گەرەکیانە بە دەستی پڕتر بگەڕێنەوە، ئارەزووی تالان و بڕۆیانە و بۆ گەڕانەوە بە پەلە نین؛ و هەندێکی تریش لەو بڕوایەدان کە گەڕانەوە و لە ژوور خزان، کەڵکی نییە و جارێ سەریان لە شەڕ و شووڕ دەخورێ. لەم بەینەدا گەزەنفۆنیش کە ئێستا یەکێکە لە سەرکردەکانی لەشکر، بیروبڕوای خۆی هەیە: ئەو، هەل بە غەنیمەت دەزانێ و دەیەوێ لەم دەرفەتە، بۆ داگیرکردنی شوێنێك لە ڕۆخی دەریای ڕەش کەڵك وەرگرێ و موستەعمەرەیەك بۆ یۆنان دروست بکا.

ئەمە لە بەختی مێژوو بوو کە سەرکردایەتیی ئەو لەشکرە بکەوێتە دەست مێژوونووسێکی وەك گەزەنفۆن؛ تا ڕووداوەکان هەنگاو بە هەنگاو تۆمار بکا و لە کتێبی **ئاناباسیس** یا بە وتەی ئەورووپییەکان " گەڕانەوە "دا بیهێڵێتەوە. ئەم کتێبە، لە نێو نووسراوە مێژووییەکانی یۆناندا، بە شوێنەوارێکی ڕەسەن و تاقانە دەژمێردرێ. لە زمانی فارسیدا، گەلێك نووسراوی باش و بە کەڵك لەسەر ئەم بابەتە هەیە. یەك لەوان، وەرگێڕاوی کتێبەکەی **جێفری هاوس** ە، بە قەڵەمی **د. مەنووچێهر ئەمیری**. فەسڵی چوارەمی ئەو کتێبە، لە وەرگێڕاوە فارسییەکەدا، ناوی **کوردستان** ە. لێرەدا من تەنیا ئەو فەسڵەم کردووەتە کوردی.

ئێستا، یۆنانییەکان لە باشووری کوردستان نزیك دەبنەوە و بێخەبەرن کە چ ڕێگایەکی سەخت و دژواریان لە پێشە و دەکەونە چ تەلیسمێکەوە. لێرەڕا وا باشترە کە ڕووداوەکە بە وردی لە زمان گزەنفۆنەوە ببیەین:

⋆ ⋆ ⋆

ئەو دەمەی کە سوپای یۆنان، بە سەرکردایەتیی " خێری سۆفۆس "، لە کێوەکان داگەڕان و کەوتنە دۆڵی دیجلە، وا وێدەچوو ئاو و گڵ ئێمەی کێشابێتە ئەم مەڵبەندە، چونکە لە هیچ لایەکەوە دەرچوونمان نەبوو. سێ ڕێگەمان لەبەر بوو؛ یا ئەوەی لە چۆمی دیجلە بدەین و بپەڕینەوە، یا خۆ باوێینە کەژ و کێوە سامناکەکان، یان بەو ڕێگەیەدا کەهاتبووین، بگەڕێینەوە. ڕوومان کردە دیجلە، قووڵاییەکەیمان بە ڕمب پێوا، بواری نەدەدا. یەکێك لە سەربازەکان گوتی: کوندە با دەکەین و پردێك هەڵدەبەستین. ئەمە بیرێکی جوان بوو، بۆشمان دەلوا، بەڵام سوارەکانی سوپای ئێران لەوبەری ئاو دامەزرابوون و نەیاندەهێشت تەنانەت سەربازێکیش پێی بگاتە وشکانی.
سەرکردەکانی یۆنان، لەگەڵ دیلە ئێرانییەکانی لەشکری خۆمان ئاخاوتن. لە ئاکامدا دەرکەوت ئەگەر بەرەو ڕۆژهەڵات بڕۆین، کوێستانەکانی ئێران و "هیگماتانە" ی هاوینە پێتەخت و "شووش" ی زستانە پێتەختی شای ئێرانمان لەبەرە؛ بەرەو ڕۆژئاواش، دەگاتە ئاسیای بچووك و سەر لەنوێ تووشی سوپای ئێران دێینەوە، ئێمەش نەماندەویست چیدی لە گەڵ سوپای ئێران تێکئاڵێین. کەوایە تەنیا دەمایەوە باکوور، کە ئەویش وڵاتی کوردەکان بوو. دیلە ئێرانییەکان پێیان گوتین کە ئەم کوردانە زۆر درِن؛ شاهەنشا جارێك بۆ سەرکوتکردنی وان، لەشکرێکی بیستهەزار کەسی ناردە سەریان، گشتیان کوشت و تەنانەت چۆلەکەکوژیان نەهێشتن[1]. بەڵام ئەگەر بە شەڕ و لێکدان بتوانن لە چیاکانی کوردستان دەربازبن، دەگەنە ئەرمەنستان، کە یەکێکە لە وڵاتە دەوڵەمەند و پڕنازونێعمەتەکانی شاهەنشای ئێران. لەوێشەوە بۆ هەر وڵاتێکی پێتان خۆش بێ، ڕێگەیەك هەیە.
هەوەڵ بازگەی کوێستانەکان لە ئێمە نزیك بوو. بڕیارماندا بەر لەوەی کوردەکان تەیار بن، ئێمە پێشدەستی بکەین و خۆ بگەیەنینە ئەو دەرەیە و بیگرین. فەرمان بە لەشکر درا کە لە شوێنی پێشوو نیشتەجێ بن و پشوویەك بدەن تاکوو لە نیوەشەودا وەرێکەوین.
دوای پاڕانەوە و قوربانیکردنێکی زۆر بۆ خوداکان، لە تاریکایی شەودا دەشتمان بڕی و لە گەڵ کازیوەی بەیان گەیشتینە هەوەڵ بازگەی کوێستان. خێریسۆفۆس لە گەڵ تاقمی سووکەچەك پێشەنگ بوون، منیش سەرکردایەتیی پشتی لەشکرم پێسپێررابوو. سەبارەت بەوەی خەیاڵمان لە پشتی لەشکر، تا ڕادەیەك ئەرخەیان بوو، دەستەی قورسەچەك لە پشتەوە لە ژێر فەرمانی مندا بوو.
لە دۆڵەکان و داوێنی کێوەکاندا، پەڵە پەڵە گوندی کوردەکانمان بە چۆڵی لێدەردەکەوت. کوردەکان بە ژن و منداڵەوە بەرەو بەرزاییەکان هەڵکشابوون و هەرچی هەیانبوو جێیان هێشتبوو. ئێمەش تەنیا لە خواردەمەنی، هەرچی پێویستمان بوو هەڵماندەگرت، بەڵام وریای ئەوە بووین کە لەشکر، جگە لە خواردەمەنی هیچ شتێکی تر دەست نەداتێ. هەرچەند مس و مەسینە هێژا و ژیکەڵەکانیان بۆ ئەوە نەدەبوو چاوپۆشی لێبکرێ، بەڵام گەرەکمان بوو بەم کارە، کوردەکان لە خۆ ڕازی بکەین تاکوو ئیزنی ئەوەمان بدەن بە بێشەڕ و شووڕ بە ناویاندا تێپەڕین. هەر بەم هەڵوێستەشەوە، تاك و تووك تووشی هەر کوردێك هاتباین پێمان دەگوت: ئێمەش وەکی ئێوە، بە پادشای ئێران نەتەوین و ئەوە لە شەڕی ئەوانرا دێینەوە، کەچی وەڵامێکمان لێنەدەبیستن. پاشی دەوری شازدە سەعات ڕێپێوان، ئێوارەیەکی درەنگ لە بەرزاییەوە بەرەو گوندەکانی خواروو داگەڕاین. لە کاتێکدا کە پێشەنگی لەشکر پێی دەنایە گوندەکان، پاشەنگ تازە لە دوایین دەروازەی



کەوانداری کورد

کوێستان وەدەر دەکەوت. ئا لەم کاتەدابوو کە پۆلێکی بچووکی کوردەکان هێرشیان کردینە سەر، ئەمە ڕووداوێکی تاڵ بوو، و پێی‌سەلماندین کە ئەگەر کوردەکان دەستەیەکی گەورەتر پێکەوە بنێن، دەتوانن بە سەرماندا زاڵ‌بن. سەری شەو بوو کە بە ناچاری لە دۆڵێکدا لەشکربەزمان کرد، بەڵام چونکە بۆ لەشکر شوێنێکی باش نەبوو، پەسیومان گرت. لە بەرزایی‌یەکانی دەور و بەرمانەوە، نۆبەدار و ئێشکچییە کوردەکان، وەکی گورگ لە تاریکیدا چاویان لێ‌زیت کردبووینەوە و ترووسکەی ئاگرەکەیان لەمەوە دیار بوو. لە نیگەرانی و وریایی‌دا شەومان ڕۆژکردەوە. بەیانی ئێمەی سەرکردە کۆ بووینەوە. دوای تەگبیر و ڕاوێژ لێبڕاین هەرچی ئەوانەی سەربارن و بە کاری شەڕ نایەن، جێیان بێڵین و باری خۆمان سووك کەینەوە. بۆ ئەوەی دەستوورەکە بە باشی بەڕێوە بچێ، لە زارکی ڕێگەیەکی تەنگەبەر وێستاین و لەشکرمان گرتە ژێر چاوەدێری. بەم چەشنە، هەرچی دیل و شەل و کوێر و چوارەوای کز و لاواز بوو لەوێ جێمان هێشت و ڕۆیشتین. ئەوێ ڕۆژێ لە چەند جێگەوە لە گەڵ دوژمن تێك‌ئالاین. بۆ سبیانێ ڕەشەبای کوێستان هەڵیکردێ. بەڵام چونکە توێشوومان لێ‌بڕابوو، لە هیچ کوێ مەنزڵمان نەخست. هێرش و پەلاماری کوردەکانیش هاوکات لە گەڵ تۆفانەکە دەستیپێکرد.

ئێمە بە ناچاری لەم فەرتەنەیەدا، بە وردی دەچووینە پێش و زۆر بەسپایی ڕێگەمان دەبڕی. من تاونەتاوێك، قاسیدم ڕەوانەی لای خئری‌سۆفۆس دەکرد و وەڵامم دەنارد کە بەرەو نزمی داگەڕێ، ئەویش بە قەولی دەکردم. بەڵام یەك دوو جار وەڵامی ناردەوە کە: وا باشترە چیدی پەلامار نەبەین و بەرەو بەرزی هەڵگەڕێین. لەم هەڵکشانەدا، ڕێپێوانی پاشەنگ، کە لە ژێر فەرمانی مندا بوو، زۆرتر وە هەڵاتن دەچوو تا ڕۆیشتن. هەر ئەودەمە بوو کە دوو شەڕکەری زۆر باش و ژێهاتیم لە کیس چوون. یەکیان لاوێکی ئیسپارتی بوو، کە تیری دوژمن قەڵغانەکەی کون کردبوو و پێشبەندە چەرمییەکەشی سمی بوو و کوشتبووی؛ ئەوی دیش پیاوێکی ئارکادیایی بوو کە تیر، سەر و کڵاوسنەکەی لێك درووبوو.

عاجباتی وەك کەوانداری کورد هەر نەبووە. کەوانەکەیان هەندی گەزونیوێك بڵێندە. بنی کەوان دەچەقێنن و لە پشتی چۆك دادەدەن، بە دەستێك ژێیەکە ڕادەکێشن و بە لاقیش پاڵ بە کەوانەکەوە دەنێن. درێژایی تیرەکانیان هەندی گەزێك دەبێ. قورسایی تیرەکان ئەوەند زۆر بوو کە هەڵماندەگرتەوە و بۆ چەکی تایبەتیی خۆمان لە کارمان‌دێنا.

لە مەنزڵی دوایی کە خستمان، لۆمەی خئری‌سۆفۆسم کرد کە بۆچی ئێمەی جێهێشت و بووبە هۆی کوژرانی دوو شەڕکەری من. بەڵام دیسانیش حەق بە وی بوو، و گوتی: " سەیری ئەو کوێرە ڕێیە بکە کە لە لووتکەی کێوەوە ئاوا دەبێ، شارەزایانی لەشکر ئەڵێن تەنیا ڕێگەی دەربازبوونی ئێمە ئەوەیە. پەلەی من بۆیە بوو کە بەر لە کوردەکان خۆ بگەیەنمە ئەوێ، بەڵام هەر وەك دەبینی دوژمن دەستی خۆی ڕەپێش خستووە و چاوەڕێی ئێمە، لەوێ وێستاوە." ڕاستی دەکرد، هەموو دەرکێکمان لێ‌داخرابوو. من لە تێکهەڵچوونێکدا لە گەڵ کوردەکان، توانیبووم دوو کەسیان بە دیل بگرم. پێشنیارم بە خئری‌سۆفۆس کرد، بە جیا لە گەڵ دیلەکان بدوێ و بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەکی دەرچوون، قسەیان لە گەڵ بکا. هەوەڵ کەسمان هێنا و پاشی چاوترساندنێکی زۆر گوتی: "ڕێگە هەر ئەمەیە کە دەیبینن و بەس". ئەومان لە پێش چاوی ئاواڵەکەی کوشت. دوویەمی کە وایزانی، وەقسە هات و گوتی : "من ڕێگەیەکی ترم پێ‌شك دێ کە ئاواڵەکەشم بەوێی دەزانی، بەڵام نەیویست لای ئێوە بیدرکێنێ. بڕۆن تاکوو پێشانتان بدەم."

لە چۆنیەتیی ڕێگاکە پرسیارمان لێکرد، وا دەرکەوت کە گردێکمان لەبەرە و تاکوو ئەو گردە نەگرین نابێ هومێدێکمان بە دەربازبوون هەبێ. بۆ ڕاوێژ، سەرکردەکان کۆ بووینەوە و بڕیارمان دا کە ئەو کارە بە دەستەیەکی

داوخواز بسپێرین. سێ سەرکردەی قورسەچەکی ئارکادیایی و سەرکردەیەکی سووکەچەکی کە لە شەڕەکانی پێشوودا ئازایەتییان نواندبوو، هەنگاویان نایە بەرەوە. دوای ئەوەی بەرکوتێکیان کرد، بە خۆ و بە دووهەزار کەسەوە بەرەو گردیان ئاژوا و دیلەکەشیان وەپێش‌دا.

شەوێکی تاریک و لەنگێزەمان بە سەر داهات. من بە پاشەنگی لەشکرەوە وەڕێ کەوتم تاکوو دوژمن لەو شوێنە بەرزەی کە گرتبووی، هەڵکەنم. بەڵام هەڵکەندنی چی؟ ئەوە دەهۆیەك بوو بۆ خافڵاندنی دوژمن، تاکوو لە تاقمی داوخواز بێ‌خەبەر بمێنن و نەپڕژێنە سەریان. کوردەکانیش کە بڕوایان کردبوو، دەستیان کرد بە جاڵە کردنەوەی گاشە بەردی زل، کە هێ‌وابوو قورسایی‌یەکەی چەند خەروار دەبوو. ئەو بەردانە لە سەر ڕێی خۆیان وە گاشەی تر دەکەوتن و خللۆریان دەکردنەوە و وا هەبوو پڕش و بڵاو دەبوون و بارانەیەکیان لە وردە بەرد بە سەرماندا دەباراند. هەرچۆنێك بوو بە نیگەرانییەوە خۆمان گەیاندە شەو و لە تاریکیدا بەرەو ئوردووگا گەڕاینەوە. ئەو شەوە دوژمن هەروا بە کوچك جاڵە کردنەوەوە خەریك بوو. گرموهۆڕی وێك‌کەوتن و شکان و وردبوونی بەردەکان و خزینیان بۆ نێو دۆڵ، لە کێو و تەلان دەنگی دەدایەوە. لە لایەکیش پۆلێکی تری داوخواز، لە ناغافڵ بە سەر دوژمنیان دادابوو و مەکۆیەکی گەورەیان لە ترۆپکی چیا لێگرتبوون. یۆنانییەکان بەم سەرکەوتنە وایانزانی کە دوژمنیان لە بڕست خستووە، بەڵام کە ڕۆژ بۆوە، دەرکەوت ئەوە تەنیا دانەیەك لە مەکۆگەلی دوژمنە کە گرتوویانە.

بەختەوەرانە، لەگەڵ ئەنگوانی کازێوە، تەمومژێکی خەست هەموو وڵاتی داگرتبوو و یارانی ئێمە توانیبوویان بە دەم ژەندنی شەیپوورەوە، بە سەر دوژمندا بدەن و گەرووی کوێستانەکانیان لە چنگ دەربێنن. لە گەڵ بانگی شەیپوور، خئری‌سۆفۆس هەڵیکوتایە سەر ڕێبازگەی کوێستان و فەرماندەکانی تریش دەنگی لەشکریان دا و پێشڕەوییان کرد. سەربازەکان ڕمبەکانیان وەسەما خستبوو و یەکتریان هان دەدا. منیش بە پاشەنگ و بارگە و بنەوە ئەو ڕێگایەم گرتە پێش کە دیلەکان پێشانیان دابووین، چونکە لەشکری ئێمە کوردەکانی شکاندبوو و ئیدی جێگەی مەترسی نەبوو. بەڵام لەم وەختە کەمەشدا، دوژمن هەلی وەدەست خستبوو و لە هەوڵی خۆڕێکخستنەوەیەکی تر دابوو. ئێمە دەبوو دەستی خۆمان ڕەپێش‌خەین و نەهێڵین جارێکی تر لە تەڵە بکەوین. سێ گردمان لێ‌نزیك بوو، کە ئەشیا بمانگرتایە. ئەو کاتەی لە دوایین گرد ئاوا دەبووین، چی‌وا نەمابوو دیسان ڕێی دەرچوونمان بگیرێ. دوژمن لە دواوە بە توندی زەبری لێ‌دەداین و لە سەرڕا بەردی جاڵە دەکردەوە. خۆ هەرا و نەعرەتە لێدانیان لە گرموهۆڕی بەردەکان سامناکتر بوو. ئەو سەربازەی کە چاوەدێری کردنی منی پێ‌سپێررابوو و قەڵغانەکەی بۆ ڕاگرتبووم، لە جەنگەیەکدا ڕایکرد و گیانی خۆی دەرباز کرد، بەڵام چی‌وا نەمابوو لە ژێر کەڤرێکدا بفلێقێمەوە. چاك بوو جەنگاوەرێکی ئارکادیایی بە فریام گەیشت و بە قەڵغانەکەی من و خۆی داپۆشی و سەندمیەوە، ئەو جەنگاوەرە ئورولوخوس[11] بوو.

ئەوێ ڕۆژێ بە خێر گوزەرا و لەشکری لێك‌هەڵپچڕاوی ئێمە توانی یەك بگرێتەوە. ئاخری پاشی ئەم‌هەموو شەڕ و لێکدانە، کەوتینە فەرعانە و خۆمان لە مەڵبەندێك بینی کە خانووەکانیان ڕێکوپێك و وڵاتەکەیان ئاوەدان و عەمبارەکانیان تژی لە دەغڵ و دان بوو. شەڕابیشیان لە بەر زۆر و زەوەندی لە سوێنە کردبوو. لە گەڵ خئری‌سۆفۆس پێشنیاری وێستانی شەڕمان بە کوردەکان دا، ئەوانیش وەریانگرت و تەرمی کوژراوەکانیان داینەوە، ئێمەش بە ڕێ‌وشوێن و ڕێزێکی زۆرەوە کە هاوشانی دلێران و جەنگاوەران بێ، تەسلیم بە خاکمان کردن و دیلەکەمان بۆ ئازاد کردن.

بۆ سبەینێ، کوردەکان ڕەپێشدانەیان دەکرد و یەك لە دوای یەك لە پاسگەکانیان دەگرت. ئێمەش لە تەنیشتڕا لێمان دەدان و ڕێگەمان دەکردەوە. ئەگەر خئریسۆفۆس لە گەڵ دوژمن بەرەنگار دەبوو، من لەشکری خۆم بەرەو بەرزایی دەکێشا، تا جێگەیەك کە بە سەر دوژمندا زاڵ دەبووم و دەرمدەپەڕاندن. لەگەڵکوو کوردەکان پەلاماری منیان دەدا، ئەمجار خئریسۆفۆس هەر بەو چەشنە لە هانام دەهات. ئەمە نموونەیەکی باش بوو لە هاوکاری و یارمەتیی جەنگاوەران لە مەیدانی شەڕدا. سەرەڕای ئەوەی چەك و قەڵغانی قورسمان بە دەستەوە بوو، بەڵام دیسانیش لە شەڕی تەلانە و تەلاندا چیوا لە کوردەکان کەمتر نەبووین؛ کەچی ئەوان لە تیر و کەوان و قەڵماسك زیاتر چەکێکی تریان پێنەبوو. بە تایبەت ئەو دەمەی کە پاشەکشەیان دەکرد و بۆی دەردەچوون، ئێمە هەر تۆزیشمان نەدەشکاندن و تەنانەت کەوانداره **کرتی** یەکانیشمان، بە سەرکردایەتیی **ستراتوکلس**[12] هیچیان لە دەست نەدەهات.

سەرەنجام، لە بوولێڵەی ڕۆژێکی پایزدا، پێدەشتەکانی قەراخ چۆمی **کنتریتس**مان لێدەرکەوت و سوکناییمان کەوتە دڵ. چونکە توێشوویەکی زۆریشمان پێبوو، هەر لەوێ مەنزڵمان خست و ئەو شەوە بە خۆشی و پێکەنین و گێڕانەوەی ڕاز و ئەفسانەی کۆن دەربارەی کوردان، ڕامانبوارد. تەواو حەوت ڕۆژ بوو کە بێپشوو کوتابوومان و شەڕمان کردبوو. ئەو کوشتە و کوێرەوەری و دژوارییەی لەو حەوتوویەدا دیبوومان، گەلێك پتر بوو لەو زەڕ و زیانانەی کە لە شەڕەکانی **ئەردەشێر** و **تیسافرنس**دا لێمان کەوتبوو.

ئەوێ شەوێ خەوێکی خۆشمان کرد، بەڵام سبەینێ کە چاومان هەڵێنا، بەڵایەکی ترمان بۆ نازڵ ببوو. لەشکرێکی بچووك، بە سوارە و پیادەوە، لەو بەری چۆم لێمان دامەزرابوو و چاوی تێبڕیبووین. لە دووریشەوە ڕێگایەك دیار بوو، کە زۆرتر وە کاروانەڕێ دەچوو. لەوەڕا کە زۆر بە ڕێکوپێکی کوچکەڕێژ کرابوو، زانیمان کە ئەمجارە پێدەنێینە وڵاتێکی پێشکەوتوو و خاوەن شارستانییەت.

پیادەی ئەم لەشکرە، سەد هەنگاو دوورتر لە بەستێنی چۆم جێگەی گرتبوو، سەربازەکانی ئەم لەشکرە، زۆربەیان ئەو **کەلدانی**یانە بوون کە کاربەدەستانی ئەرمەنستان بەکرێیان گرتبوون. بیستبوومان کە ئەمانە نەتەوەیەکی ئازا و دلێرن. زۆرمان هەوڵ دا کە لە بوارێك بدەین و بپەڕینەوە، بەڵام ئەمە بۆ پۆلێکی قورسەچەك هەرگیز نەدەلوا، چونکە ئاوەکە لە پشتێند بەرەژوور دەکشا و تەختی چەمەکەش سەرپاك خڕکە بەردی لووس بوو. سەرەڕای ئەمانەش، لە ژێر تیرەبارانی دوژمنی ڕووبەڕوو، پەڕینەوە زیاتر وە خەیاڵێکی خاو دەچوو. لەوەش بترازێ، لە داوێنی کێوەکانی دوامانەوە، کە ئۆردووگای دوێشەوی خۆمان بوو، کوردەکان کۆزیلکەیان بەستبوو و چاوەڕوانی ئەوە بوون لە هەلێکی ئەستەمدا خۆ بە پاشەنگی لەشکر دادەن و دەماریان لە ڕۆژگار دەرێنن. دەستێکمان کەوتبووە ئەوبەر و یەکیش ئەمبەر! وەها پەشۆکابووین کە تەواو سیوشەش سەعات لە جێی خۆمان چەقین و فکرمان بۆ هیچی بڕ نەدەکرد.

لەم نیگەرانییەدا، شەوێ خەونێکم دیت، کە بێشك ویستی خودایان بوو. لە من وابوو کە پێم لە زنجیر دایە. لە نەکاو قڵفەکانی زنجیرەکە هەڵوەرین و بە ئازادی هاتوچووم دەکرد. هەر ڕۆژ بۆوە، خەونەکەم بۆ خئریسۆفۆس گێڕایەوە. ئەو زوو لە مانای خەونەکە گەیشت و پێی گەشایەوە. ئەودەم هەموو سەرکردەکان قوربانییان بەجێهێنا و بە نەریتی یۆنانییان نەخشی چاکیان لێدایەوە.

سەربازەکان خەریکی قاوەڵتی بوون و منیش نانم دەخوارد، کە دوو لاو بە هەڵەداوان هاتنە لام، چونکە گشتیان دەیانزانی ئەگەر مەبەستێك بێتە پێش، بەتایبەت کە پێوەندی بە کاری لەشکرەوە هەبێ و بە منی بڵێن، چ لە سەر خواردن بم، یا خەوتبم، هیچ ڕووم گرژ ناکەم و بە هێمنی گوێڕادەگرم. لاوەکان پێیان گوتم: "لە سەرووی چەم

پووشکەمان بۆ سووتەمەنی کۆ دەکردەوە، لە بەستێنی ئەوبەری ئاوەکە چاومان بە پیرەپیاوێك و چەند ژن و منداڵ کەوت کە بوخچەی جلوبەرگیان بە دەستەوە بوو و خەریك بوون لە قەڵشتی گاشەبەردەکانی دمچۆمدا دەیانشاردەوە. وا دیار بوو کە قوڵایی چۆمەکە لەوێ کەمتر بێ. ئێمە هەردووکمان ڕووت بووینەوە و لە چۆمەکەمان دا، هەندێك ڕۆیشتین و وامان دەزانی هێشتا نەگەیشتووینە قووڵایی، کەچی تاکوو پەڕینەوە ئەوبەر، لە هیچ کوێ ئاو لە پشتێند بەرەژوورتر نەهات." ئەو دوو لاوە، بواریان دۆزیبۆوە.
بەرامبەر ئەم شوێنە، کە دۆزیبوویانەوە، کێوەکانی ئەرمەنستان دیار بوون کە بە لێژاییەکی زۆر ڕژدەوە بەرەو چۆمەکە کشابوون. ئەگەر لەشکری ئێمە لەو شوێنە لە ئاوی دابا و پەڕیباوە، سوارەی دوژمن لە بەر کوێستانە لێژەکانی پشت سەری، هیچی لە دەست نەدەهات.
لە گەڵ دوو لاوەکە چۆرە شەڕابێکمان پەیدا کرد و سپاسی خودایانمان بەجێهاورد و وەڵاممان لە خەیرىسۆفۆس نارد. ئەویش هەر کە ئەم هەواڵەی بیست، فەرمانی دا بارگە و بنە تێکنێن و بۆ ڕۆیشتن ئامادە بن. ئێمەی سەرکردەش کۆ بووینەوە و دەربارەی کارەکان و ئەرکی خۆمان کەوتینە ڕاوێژ. قەول و قەرارمان ئاوا دانا کە؛ خەیرىسۆفۆس بە خۆ و بە نیوەی لەشکرەوە، سەڵتەزین لە ئاوەکە بدەن. پاش ئەوەی پەڕینەوە، بارگە و بنەیان بە دوادا بنێرین. منیش لەم بەرە بمێنمەوە و وریای هێرشی لە نەکاوی کوردەکان بم.
بۆ بەجێهێنانی ئەم تەگبیرە، دەبوایە لە ئۆردووگاوە بەرەو بەستێنی چۆم وەڕێ بکەوین، کە هەشتسەد هەنگاوێك دەبوو. هەر ئەوەندە وەڕێ کەوتین، سوارەی دوژمنیش لەو بەری چۆم وەڕێ کەوت. کە گەیشتینە سەر ئەو بوارەی کە لاوەکان دۆزیبوویانەوە، ڕاوەستاین. سەربازەکان چەکەکانیان لە سەر یەك هەڵچنی. ئەو دەم، کاهینەکان داب و دەستووری ئایینییان بەجێهێنا و بۆ خێوی چۆمی **کنتریس** قوربانییان کرد. خەیرىسۆفۆس لەم ڕێوڕەسمەدا، تانجە گوڵینەیەکی لە سەر نابوو و ساقۆی سواریی وەلا نابوو. سەربازەکان تێیانهەڵکردە سروودی شەڕ و پێشەنگ دابڕ دابڕ بوو و وەنێو ئاو کەوت. خەیرىسۆفۆسیشیان لە گەڵ بوو. هەر ئەوەندە خەیرىسۆفۆس بە نیوەی لەشکرەوە لە ئاوی دا، ئازایانی لەشکرم ڕەگەڵ خۆم خست و بە دەم ئاوەکەدا بۆ لای خوارووم ئاژۆت. سوارەی دوژمن کە چاوی بەمە کەوت، وایزانی کە خەیرىسۆفۆس لە لایەکەوە و منیش لە لایەکی ترەوە گەرەکمانە لە نێوان خۆمانیان بگرین. بە ناچاری پیادە نیزامی جێهێشت و هەڵات. خەیرىسۆفۆس کە بە سلامەت پەڕیبۆوە، وە دوای سوارەکان نەکەوت، جڵەوی وەرگێڕا و هەڵیکوتایە سەر پیادەکان. ئەوانیش کە بە بێ سوارە مابوونەوە، زانیان کە بە تەنیا پیاوی شەڕ نین و دەرەقەتی لەشکری یۆنان نایەن. ناچار لە لاقانیان وەرێنا و سەری خۆیان دەرباز کرد.
تا ئێرە هەموو شتێك بە دڵی ئێمە بوو، بەڵام هێشتا پاشەنگی لەشکر کە لە ژێر فەرمانی مندا بوو، لەمبەرەی چۆم مابۆوە و مەترسی پەلاماری کوردەکانی لێدەکرا. هەر ئەوەندە توانیبامان پشت لە کوردەکان بکەین و لە ئاو بدەین بەسمان بوو. بەڵام ئەوانیش هەر چاوەڕوانی ئەو هەلە بوون.
من بە لەشکرەوە لە لای کوردەکان بەجێمابووم. دەبوو بوارێك بدۆزمەوە، بە بێئەوەی پشت لە چیا بکەم! لە ئاکامدا لەشکرەکەم کردە دوو بەش؛ بەشێکم دەست بە چەکەوە ڕوو بە کوردەکان دامەزراند و بەشەکەی تریش بە ئەرخەیانی و بە بارگە و بنەوە لە ئاویان دا و پەڕینەوە. کوردەکان کە دیتیان لایەکی لەشکر پەڕیوەتەوە و دەستەیەکی کەم بەجێماوە، ئەوەیان بە دەرفەت زانی و بە گوڕڕە و هەڵڵاو سروود خوێندنەوە لە چیاکان داگەڕان و هێرشیان بۆ هێنایەن. خەیرىسۆفۆس بە لەز، کەواندار و قەڵماسکدارەکانی خۆی ڕەوانە کرد تاکوو لە پەڕینەوەدا یارمەتیمان بدەن.

فەرمانم دا کەوانداره‌کان لەو بەر ڕاوەستن و کە ئێمە لە ئاومان دا دەست بە تیرهاویشتن بکەن. ئەمجار بێ سێ‌ودوو هەڵمانکوتایە سەر کوردەکان و ڕاومان‌نان. دەگەڵ دەنگی شەیپوور بەرز بۆوە، لە نیوەی ڕێ جڵەومان وەرگێڕا و گورج گەڕاینەوە و خۆمان بە چۆم دادا.
کوردەکان بە وەخت نەگەڕانەوە و بە هەڵە چوون. چونکە لەو ماوەیەدا کە لەگەڵ ئێمە لە شەڕ دابوون، بە باشی لە مانای شەیپوورەکانی ئێمە دەگەیشتن. بەڵام ئەمجارە لە دەهۆی ئێمە نەگەیشتن و نەیانزانی بە شەیپووری هێرش پاشەکشە دەکەین. تا ئەوان بەم کەڵەکەیان زانی، ئێمە چی‌وامان نەمابوو بپەڕینەوە و لە پەنای کەوانداره‌کانی خۆشمان دابووین.
بەم جۆرە، بە سلامەت خۆمان گەیاندە ئەرمەنستان و ئەم تەلەسمەشمان شکاند.

---

## ***پەراوێزەکان***

** « بازگشت ده هزار یونانی » وەرگێڕانی فەسڵی ٤ ی کتێبی(گزنفون)، نووسراوی(جفری هاوس‌هولد)، وەرگێڕانی( د.منوچهر امیری )، ل٧٣-٩١، لە ژێر سەرباسی ( کردستان )، موسسەی انتشارات امیرکبیر، تاران، چاپی دووەم، ١٣٥١، پێناسە لە زمانی ئەسڵیدا:
THE EXPLOIST OF XENOPHON
by geoffrey household,
by random house, Inc., New York. Copyright 1955 by geoffrey household. Originally published

١ Herodote ( ٤٨٤ – ٤٢٥ )ی بەر لە زایین

٢ Ctesias ( سەدەی ٤ و ٥ی بەر لە زایین )

٣ Xenophon ( ٤٣٠ – ٣٥٥ )ی بەر لە زایین

٤ بنەماڵەی پادشایانی ئێران، لە سەدەی ٤ هەتا ٧ ی پێش زایین. بناغەدانەری ئەم دەسەڵاتە، **کورووش** بووە، کە لە مێژووی ئێراندا بە کورووشی مەزن دەناسرێ. پاتەختیان **پازارگاد** بووە و بە دەستی **ئەسکەندەری مەکدوونی** محف بوونەوە.

٥ Hellenica

٦ Agesilaus

٧ Cyropaedia

٨ Anabasis

٩ مەبەست کورووشی بچووک، برای ئەردەشێری دووەمە. لە مێژووی ئێراندا دوو کەس بەم ناوە هەن، یەکەمیان کورووشی کوڕی **کەمبوجیە** یە، کە وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، سەر سلسلەی **هەخامەنشی** یەکان بووە و ساڵی ٥٥٩ی بەر لە زایین توانی بەسەر ئیختوویگوو، دوایین پادشای **ماد** دا زاڵ بێت و دەسسەڵات لە مادەوە بگوازێتەوە بۆ پارس. ئەم کورووشە لە ٥٢٩ی بەر لە زایین، لە باکووری ئێران کوژراوە و تەرمەکەی هێنراوەتەوە بۆ شاری پازارگاد کە ئێستا پێی دەگوترێ **مورغاب** (= مرغاب ) و لە نزیك **شیرازە**. ئەوی تریان بە **کورووشی دووەم** یا **کورووشی بچووك** ناسراوە و کوڕی داریۆشی دووەمە و لە ٤٠١ی بەر لە زایین کوژراوە. و ئەوە هەمان کورووشە، کە لە **گەڕانەوەی دەهەزار یۆنانی**دا باسی هەیە،

١٠ واوێدەچێ ئەو شاهەنشایە، داریۆشی دووەم بووبێ، کە لە ٤٠٤ی بەر لە زایین کۆچی دوایی کردووە.

١١ Eury lochus

١٢ Stratocles